# ڕێپۆرتاژی مەراسمی ڕۆژی کۆمەڵە لە شاری فڕانکفۆرت لە ئاڵمان

ڕۆژی شەمبە 26.02.2005 لە شاری فڕانکفۆرتی ئاڵمان، سەعات 6ی ئێوارە، مەراسمێک بۆ ڕێزگرتن لە 26ی ڕێبەندان ڕۆژی کۆمەڵە، بە بەشداری 500 کەس لە دۆستان و خەڵکی ناوچەکە بەڕێوەچوو.

مەراسمەکە بە شێعرێکی کاک حەمەحسەین کەریمی بە ناوی "تۆ نامری چاوەکانم" دەستی پێکرد و پاش خوێندنەوەی کورتەیەک لە مێژووی ڕۆژی کۆمەڵە و گیانبەختکردنی کاک حەمەحسین کەریمی، ڕیزی بەرنامەکان بە زمانی کوردی و فارسی ڕاگەیندرا. بۆ ڕێزگرتن لە یادی شەهیدی سەرکردە کاک حەمەحسەین کەریمی و هەموو شەهیدانی ڕێگەی ئازادی و سۆسیالیزم دەقیقەیەک بێدەنگی ڕاگیرا، بێدەنگیەکە بە سروودی کۆمەڵەی زەحمەتکێشان شکێندرا. پاشان وتاری کۆمیتەی مەرکەزی کۆمەڵە لە لایەن ئەندام و کادری لەمێژینەی کۆمەڵە هاوڕێ بەهرامی ڕەزاییەوە خوێندرایەوە. پاش بیستنی سروودێک، شێعرێکی هاوڕی ناسری حیسامی کە پێشکەش کراوە بە گیانی فەرماندەی ناسراوی کۆمەڵە کاک شوان، لە لایەن هاوڕێ کەماڵی عەلیدووستەوە خوێندرایەوە، کە سەرنجی بەشدارانی بۆلای خۆی ڕاکێشا و بۆ چەند ساتێک گوێگرانی بردە ناو بیرەوەریەکانی خەبات و هەڵسووڕانی پێشمەرگەی کۆمەڵەوە. دواتر لە تراکتێکدا بە ناوی کۆمەڵە قەڵای خەباتی ژنان کە لە لایەن هاوڕێ کەژاڵ بلووریەوە خوێندرایەوە، ئاماژە بە دەور و نەقشی ژنان لە ڕیزەکانی کۆمەڵەدا کرا. بە شوێن ئەوەدا یەکێک لە میوانانی بەشداربوو بە ناوی کاک فەرەیدوون ئەرشەدی شێعرێکی خوێندەوە کە پێشکەش کرابوو بە زیندووبوونەوەی کۆمەڵە. لە بەشێکی دیکەی بەرنامەکەدا هاوڕێ مادێح ئەحمەدی کورتەیەک لە مێژووی کۆمەڵەی بە زمانی فارسی پێشکەش کرد. خوێندنەوەی پەیامی حیزب و لایەنە سیاسییەکان و ڕێکخراوە و کۆمەڵە کوردیەکان بەشێکی‌تری بەرنامەکانی پێک دێنا. ناوی ئەو پارت و ڕێکخراوانەی کە پەیامیان هەبوو بەم شێوە بوون.

1. مەڵبەندی ڕێکخستنی یەکیەتی نیشتمانی کوردستان- ئاڵمان
2. پارتی دیمۆکراتی کوردستان- فڕانکفۆرت

3. ڕێکخستنەکانی یەکیەتی نیشتمانی کوردستان لە شاری دارمشتات و دەوروبەری
4. حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران
5. سازمانی فیدائیانی گەلی ئێران
6. ڕێکخراوی جمهوریخوازانی دیمۆکرات و لائیك
7. هەیئەتی بەڕێوەبەری موەقەتی جولانەوەی فێدرالی دێمۆکرات – ئازەربایجان
8. کۆمەڵەی کولتووری کورد - فرانکفۆرت
9. ماڵی کورد لە دارمشتات
10. کۆری هونەری لاوانی شۆڕش
11. کۆمەڵەی کوردەکانی ئاڵمان – کۆلن
12. ماڵی کورد و ئاڵمان- کۆلن

**بەشی دوهەمی بەرنامەکان تەرخان کرابوو بۆ مۆسیقا و گۆرانی و هەڵپەڕکێ بە بەشداری هونەرمەند نەجمەدین غولامی و کۆڕی مۆسیقا، کە هەتا شەودرەنگان درێژەی هەبوو.**